www.kurdistannet.org
16:57 2005-11-18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

## بانگەواز

## بەشداری بکەن لەخۆپیشاندانی رۆژی شەممە 2005/11/19 بۆبەرگرتن بەناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی.

بەپێ هەواڵی ئیمرۆی هۆم ئۆفیس وکەناڵەکانی راگەیاندن، حکومەتی بەریتانیا بریاریداوە لەرۆژی یەك شەمە، ریکەوتی 11/20وە دەست بەدیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بکاو بریاریشەلەیەکەمین وەجبەدا نزیکەی 15 کەس لەپەنابەران راستەوخۆ دیپۆرتی شاری هەولێربکاتەوە و بەم شێوەیەش جارێکی تر هیرش و پەلاماردان وگرتن و راپێچ کردنی پەنابەرانی کورد بۆ نیو گرتووخانەکان دەبیتەوە دیاردەیەکی تاڵی ژیانی ئەو ئینسانانەی کەلەجەهەنەمیکەوە هەلهاتوون کەتیدا جەنگ و تیرۆرو کوشتار وبیدەرەتانی سیمایەکی سەرەکییەتی.

ئەم هەنگاوەی دەولەت لە کاتێکدا بەرێوە دەبرێ کەنەك هەرجەنگ و کوشتارو تیرۆرو تەقاندنەوە ونائەمنی لەعیراقدا دریژەی هەیە وژیانی سەرتاپای خەلکی عیراقی داگرتووە، بەلکو کاربەدەستانی ئیستای عیراق گەورەترین فەزیحەیان لێ ئاشکرادەبی. فەزیحەیەك کەسەلێمنەری ئەو راستییەیە، حکومەتی ئیستای عیراق خۆی رێکخەری زیندانە نیهینییەکان وشوینەکانی تەعیزب و بیسەرو شوینکردنی ئینسانەکانە، سەلێمینەری ئەوەیە کەعیراقی ئەمرۆ نەك هیچ جیگایەکی بۆدیموکراسی ومافی مرۆڤ و سەلامەتی گیانی و بەریوەچوونی قانونی تێدا نییە، بەلکو ئەوە دەسەلاتی میلیشیاو تیرۆریستانە کەحوکمی مەرگ وئەشکەنجە وجەنگ و نائارامی لەکۆمەلگادا بەریوە دەبەن.

ئاشکرایە حکومەتی بەریتانیا بەدوای سەردانی مەسعودبەرزانی و لێپرساوانی حکومەتی هەولیروسلیمانی بۆبریتانیا و بەستنی دیدار لەگەل تۆنی بلیەر و سەرانی تری حکومەتەکەیدا، بریاری دیپۆرتکردنەوەی راستەوخۆی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆهەولیر رادەگەیەنی، ئەمەش دەرخەری ئەوراستییەیە کە دەسەلاتدارنی کوردستان نەك بەهیچ شیوەیەك لەپشت کیشەی پەنابەران و خواستەکانی ئەوانەوە نین، بەلکو یارمەتی دەرو ریخۆشکەری سیاسەتەکانی حکومەتی بەریتانیان.

پەنابەرانی کوردی عیراقی:

ئیمەی پەنابەران ریگایەکی ترمان لەبەردەمدانییە جگەلەوەی بەهاتنەتنەمەیدانی هیزی یەکگرتوو ریکخراوی خۆمان و کۆبوونەوەمان لەدەوری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بەربەم سیاسەتە بگرین و دەولەتی بەریتانیا ناچار بەدەست کیشانەوە لەم بریارو سیاسەتانە بکەین. دەربرینی نارەزایەتی و رێکخستنی خۆپیشاندانی گەورە وراکیشانی پشتیوانی ئەحزاب و کەسایەتی و یەکیتی کرێکاریەکان وئەندام پەرلمان و ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکەر لەمافەکانی پەنابەران.. دەتوانی بزوتنەوەی بەهیزی جەماوەریمان لەبەرامبەر بریاری دیپۆرتکردنەوەدا راگری.

16:57 2005-11-18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەلەماوەی رابردوودا وبەمەبەستی بەرگرتن بەسیاسەتی دیپۆرتکردنەوە، لەچوارچیوەی کەمپینیکدا، توانیویەتی ژمارەیەك لەپەنابەرانی کورد لەگرتووخانەکان ئازاد بکات و دەیان ئاکسیۆنی نارەزایەتی و خۆپیشاندان لەشارەکانی بریتانیا بەری بخا وپشتیوانی چەندین ریکخراو و یەکیتی کریکاری و پەنابەری و ئەندام پەرلەمان، بەدەست بهینی، ئیتساش بۆبەرگرتن بەبریاری دەستپیکردنەوەی دیپۆرتی پەنابەران بریاری بەری خستنی خۆپیشاندانی جەماوەری و کۆبوونەوە دەکات بە پەنابەران لەشارەکانی مانچستەرو نوتین هام برمنگهام و.. و رۆژی شەمە لە گەل ریکخراوەکانی تر دژ بەدیپۆرتی پەنابەران خۆپشاندان دەکات و داواکارین بەشداری بکەن.

بیگۆمان ئەمە یەکەمین هەنگاومان دەبی و چالاکییەکانی ئیمە تا بەشکستکیشانی بریاری دیپۆرتکردنەوە و بەدیهینانی خواستەکانی پەنابەران دریژەی دەبی.. بەخۆپیشاندان و چالاکییەکانی فیدراسیۆنەوە پەیوەستبن، تابەهیزی جەماوەرییمان سەرکەوتن مسۆگەرکەین..

کاتی خۆپیشاندان:12:30ی نیوەرۆ، شەمە 19-11 لەندەن

شۆینی کۆبوونەوە:

WHITE HALL PLACE- LONDON

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2005-11-18

www. federasion. orgTel:0 7734704742